# فێربوونی کەمانچە

Salah Raoof



صلاح رؤوف

١٩٧٨

# فێربوونی
# کەمانچە
## VIOLIN

صلاح رؤوف

پیاچوونەوەی
**دلێر ئیبراهیم**
**عوسمان محەممەد ئەمین**

لەسەر ئەرکی
**نەوزاد محمد عزیز قەفتان**
لەچاپدراوە

ساڵی ١٩٧٨

پێشکەشە بە :

# لاوك

## لاوك

### لاوك

لاوك

# کورتەیەك

کتێبخانەی کوردی لەگەڵ هەموو تێشو ئەشکەنجەیەکدا توانیویێتی بەهۆی دڵسۆزانیەوە هەرچۆنێ بێت کەم تا زۆر کەموکوڕی خۆی داپۆشێ •

بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە کە تینووی پەرتوکە هونەرییەکانە، کە بەڕاستی شەقڵی پێشکەوتنی ژیانی گەلێك نیشان ئەدات ، گەلی کوردیشمان لە هەموو بەشەکانی هونەردا فولکلۆرێکی ڕەسەنی تایبەتی هەیەو ڕۆژ بەڕۆژ لە فەوتاندن دووردەکەوێتەوە ••

هونەر ، پێوەرە بۆ ئەندازەی پێشکەوتنی ژیانی گەلێك ، هونەری کوردیش ڕۆژ بەڕۆژ لە برەودایەو هەوڵئەدات لە هونەری جیهانی دوانەکەوێت ••

مۆسیقاش بەشێکە لە هونەر ، خۆراکە بۆ مرۆڤو بەهۆیەوە کار ئەکرێتە سەر هەستو دەجوڵێندرێت بە گوێرەی ئەو کاریگەرەی دەگرێت ، چ لە ڕووی خەمناکیو ، چ لە ڕووی بەزمەوە تا ئێستا لە مێژووی چاپەمەنی کوردیدا ڕێپیشاندانی بۆ کاری هونەری لە چاپ نەدراوە بۆیە بەباشمان زانی کە بۆ مەبەستی ڕێپیشاندانی زانستی کەمانچەژەنین ئەم پەرتوکە لەچاپ بدەینو هەرچۆنێك بێت سەرەتایەکە بۆکارێکی گرنگو شەقڵی پێشکەوتنی پێوەیە •

**ئەوزاد موحەممەد**



# ئەم پەرتوکەو ... چەنـــد وشـــەیەك

لەسەر بـیروڕای (درێژتـرین ڕێـگا بەسەرەتایەك دەستپێ ئەکا) •

دەستمان کرد بە داڕشـتنی ئەم پەرتوکەکە هیوادارین جێی ڕەزامەندی هونەرمەندانی گەلەکەمان بێت •

وەکو ئەزانین تا ئێسـتا هیچ پەرتوکێك نیی یە کـە جگـەرگۆشـەکانمان کـەڵکی لـێ وەربگرن بۆ فێربوونی مۆسـیقا ، هەرچەندەچەند پەرتوکێکی بێگانە هەیە بەڵام زۆر کەمن و ئەتوانم بڵێم بە پەنجـەی دەست ئەژمێررێن لەوڵاتەکەماندا هەروەها ئەم پەرتوکانەش بـە زمانی بێگانە نووسراون کە کەڵکی زۆری لێ وەرناگیرێ بەهۆی نەزانینی ئەو زمانانەوە کە ئەو پەرتوکانەیان پێ نووسراوە • جا لەبەر ئەم کەم و کورپیانەو ئەو هەستە هونەریـە بەرزەی کە خەریکە سەرانسەری وڵاتەکەمان ئەگرێتەوەبۆ فێربوونی مۆسیقاو بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی زانستی فێـری مۆسـیقا ببـن ئـەم ئـەرکەبچکۆلەیەمان خستە سەرشانی خۆمان • ئەتوانم بڵێم گەورەتـرین یارمەتیم کەدرابێ بـۆ ئەمپەرتوکە برای دڵسۆزم کاك ئەوزاد موحەممەد قەفتان بوو کە ئەرکی چاپکردنی خستە سەرشانی خۆی •
لەم پەرتوکەدا چەند ڕێگایەکی بێگانەمان لـەیەك داوە بـۆ فێربونی ئـالەتی کەمانچە وەك ڕێگای ئینگلیزیو ایطالیو چیکی •

هەروەها بـاسی ( تیـۆر ) ( نظریـة )یمۆسیقامان تیـا کردەوە بە شێوەیـەکی گشتی زاراوێکمان دروست کردووە بۆ ئەو نیشانانەیکە لە کەمانچە لێداندا بەکار دێن •
لە کۆتـایی ئەم پەرتوکەدا چەنـد پارچەمۆسیقایەکی کوردیمان نووسیوەتەوە بە نۆتە کە لـە دانـانی مۆســیقارە لێهاتـووەکانی وڵاتەکەمانن •

لە کۆتـاییدا پڕ بەدڵ سوپاسی بـرایانیهونەرمەند کاك دلێر ئیبراهیمو کاك عوسمان محەممەد ئەمێن ئەکەم کە لە پیاچوونەوەی ئەمپەرتوکەدا یارمەتییـاندام بۆ نەهێشـتنی ئەو کەم و کورپیانـەی کـە تیایا بـوونو هەنـدێ تێبینییان هەبو کە جێگەی خۆیان گرت ••
سوپـاسی زۆریشم بۆ هەمـوو ئەندامانیتیپەکەمـان تیپی مۆسیقای سـلێمانی کـە لە یارمەتیدانمدا کەمتەرخەمیان نەکرد •

(صلاح رؤوف)

## کەمانچـــە

بە ئینگلیزی بەم ئـالەتە ئەڵێن ڤایۆلیـــن Violin و بە فرنسی ڤیۆلۆن و Violon بە ئیتالی ڤیۆلینۆ Violino و بە ئەڵمانی ڤیۆلینـــە Violine و ، عەرەب کەمـــانو فارس ڤیالۆنو کـــوردو تورك کەمانچەی پـێ ئەڵێن کەمان بە فارسی یانی کەوان پاشـــگری «چە» لە زمـــانی فارســیدا بە واتـــای بچـوك کردنەوە دێ ، واتا کەوانی بچووك •

کەمانچە ئامێــرێکی ژێدارە و بــە کەوان ئەژەنرێ • پارچە سەرەکی‌یەکانی پێك هاتوە لـــە : ســـنووقی دەنـــگ (ئـــەوەی دەنگی تیـــا ئەلەرێتەوە) و قۆڵێك کە بە تەختێکی پێچـــاو پێچ کۆتایی دێ لەگەڵ چـــوار ژێ کە لەســـەر ڕووی سنووقی دەنگەکەوە بە هـــۆی پردێکەوە بەرز ئەبنەوەو بە شانەیەك لەبنەوە کۆتایی دێ لەگەڵ کەوانێـــکی لاکێشدا کە درێژی‌یـــەکەی (٧٥) سانتیمەو قورسایی لەنێـــوان ٥٠ تا ٦٠ گرامدایا • وابـــە کە کەوان وولاتانی ڕۆژاوا لە ئێـــمەی ڕۆژهەلاتی‌یەوە وەریـــان گرتووە و تا ماوەیەکی زۆریش هەر بە چەمـــاوی بەکار ئەهات ، بەلام لە سالی ١٧٨٠دا فرانسۆ تۆرت (١٧٤٧ ـــ ١٨٣٥) کەوانی لاکێشی بەشـــێوەو درێژی‌ی ئێستای بەدی هێنا •

لە سەرووی سنووقی دەنگەکە دوو کونی چوون یەكو تەریبو پشتاو پشتی یـــەك هەن لە شێوەی پیتی [S] ی لاتینی‌دا • ئەشلێن گوایا ئەم کونانە لە سەر ڕووی عـــود لە ســـەردەمی عەباسی‌یەکاندا هەبوە (سەدەی نۆیەمی زایینی)

کەمانچە بچوکترین ئەو پۆلە ئامێرەیە کە ناوی ئەمیان لێ نراوەولەناو کشت‌ئامێرەکانی تردا ئەم لە پێشترەو ، لای سەرەکی ئاوازەکە (میلۆدی) لـــە ئۆرکسترادا ئەم لێی ئـــەدا کە هەمیشە دوو کۆمەلی تیا هەیـــە ، کەمانچـــەی یەکەمو کەمانچـــەی دووەم • لە ئۆرکســـترادا کەمانچەو ئامێرەکانی هاوپۆلی نزیکەی نیوەی سەرجەم ئامێرەکانی ئۆرکسترا ئەبن • بەکار هێنانیشی زۆر بـــاوە چ لەڕۆژهـــەلاتو چ لـــە ڕۆژئاوادا /٠/ ئۆرکسترا ، یاتیپی جـــاز ، یا میللی بێ •

کەمانچـــە تـــوانایەکی بێ هـــاوتای لـــە دەربـــڕینی هەســـتی مۆسیقادا هەیـــە لە کاتی وەك خلیسکاندن (گلیسـاندۆ (Glissando و توندی (فۆرتی Forte ) و ، نەرمی Piano (پیزیکاتۆ (Pizzicato ) و ، پچڕ پچڕ (ســـتاکاتۆ Staccato ) و (تریمۆلۆ Tremolo )

کەمانچە کە هەرگیز نەوەســـتاوە لەوەی ئامێری ژەنینی تاك بێ ، کاری کردۆتە ســـەر پەرەپێدان و گەشـــە سەندنی شـــێوەو بابەتـــە مۆســـیقی‌یەکان وەك کۆنشـــێرتـــۆی گـــەورە (Concerto) و سۆناتا (grosso) •

بۆ یـــەکەم جـــار لەســـالی ١٥٢٣ زدا لە نامەکانی دەربارێ ســـاڤوادا ناوی کەمانچـــە هاتوە ،ئیتالیا بە وولاتی پەیدا بوونی کەمانچە دائەنرێ ،لە راستیشدا کەمانچە لە پەرەپێدانی چەند ئامێـــرێکی ژێداری خـــاوەن کەوانەوە دروست بوە کەپێش ئەم هەبوون وەك ڤیۆلا دا براچـــۆ ( واتا ڤیۆلای شان ) و ، ڤیۆلادا گامیا (واتا ڤیۆلای لاق) (چلۆ) •

ڤیۆل یـــا ڤیۆلا یـــانی ژێ • ئەم ناوەش لە سەدەی چواردەهەمی زایینیدا پەیـــدا بوو ، لە ڤیۆلاشـــەوە دوو جـــۆر ئامێـــری ژێـــداری کەوانەدار دروســـت بوون : ڤیـــۆلای شان و ڤیۆلای لاق ، لە کۆتایی ســـەدەی شانزەهەمدا ئامێرێکی بچووك لە ڤیۆلاوە هـــاتە کایەوە بە ناوی ڤیۆلۆن یا ڤیۆلینۆوە ، کە ئێســـتا ئێمەی پێی ئەڵێین «کەمانچە» •


پێش ئەوەی دەست بدەینە ئالەتی مۆسیقاپێویستە بزانین کە مۆسیقا ، هونەرە زانستە خوێندنو نوسین چۆن بەئاسانی فێر بوین واش فێری مۆسیقا ئەبین ئەگەر هاتو ئەو نیشانانەی لەمۆسیقادامەیە فێر ببین •

## نیشانەکانی مۆسیقا

مۆسیقا پێك دێت لەدەنگ (صوت)وکات (زمن)

دەنگەکانی مۆسیقا/ بریتین لە حەوت دەنگی یەك لە دوای یەك لە گرەوە بۆ ناسك • لەلای چەپەوە ئەمانەن : سی لا صول فا می ری دۆ

C D E F G A B




## کاتەکانی مۆسیقا

بریتین لە چەند نیشانەیەك کە هەریەکەیان کاتێکمان نیشان ئەدا ، بە داتانیان لەسەر پلیکانەی مۆسیقا ناوی دەنگەکانیشمان بۆ دیاری ئەکرێت :

١ ــ ڕۆند چوار (چەپلە)ی بۆ ئەبڕێرێو پێی ئەوترێ یەك کاتی تەواو •

٢ ــ بلانش دوو (چەپلە)ی بۆ ئەبڕێرێو پێی ئەوترێ ١/٢ کاتی تەواو •

٣ ــ نوار یەك (چەپلە)ی بۆ ئەبڕێرێو پێی ئەوترێ ١/٤ کاتی تەواو •


٤ ــ کرۆش ١/٢ (چەپلە)ی بۆ ئەبڕێرێو پێی ئەوترێ ١/٨ کاتی تەواو •

٥ ــ دبل کرۆش ١/٤ (چەپلە)ی بۆ ئەبڕێرێو پێی ئەوترێ ١/١٦ کاتی تەواو •

٦ ــ تریبل کرۆش ١/٨ (چەپلە)ی بۆ ئەبڕێرێو پێی ئەوترێ ١/٣٢ کاتی تەواو •


پێویستە قوتابی ئەم کلێشەیە بناسێو بزانێ چۆن وا دروست کراوە

وێنەی کانە مۆسیقایی یەکان




پلیکانەی مۆسیقا/ پێك یەت لە پێنج هێڵیڕاستی (ئاسۆیو تەریبی) و چوار بۆشایی یەکسان کە لەیەکیان جیا ئەکاتەوە ، ئەمهێڵو بۆشایی‌یانە لە خوارەوە ئەبژێررێن بۆ سەرەوە کەواتە هێڵی خوارەوە هێڵی یەکەمەوبۆشایی خوارەوە (بۆشایی) تێوان هێڵی یەکەمو دووەم) بۆشایی یەکەمە ٠


هێڵ و بەینەکانی پێنج پلیکەی مۆسیقا





هەر هێڵێك لەو پێنج هێڵی پلیکانەیەوو، هەروەها هەر بۆشایی‌یەك لەو چوار بۆشاییە ناوێکی خۆی هەیە ئەم ناوەش ئەگۆڕێت بەپێیدانانی جۆری ئەوکلیلەی لەسەر پلیکانەکە دای ئەنێن ، لەبەر ئەوەی کەمانچەکلیلی صۆلی (مفتاح صول) بۆ بەکاردێت کەواتە ناوی ئەو دەنگانەی ئەکەونە سەر یان بەینیهێڵەکانو بۆشایی‌یەکان بە گوێرەی ئەم کلیلە بەم شێوەی خوارەوەیە :





هەروەها لە سەروی هێڵی پێنجەمەوەو لە ژێر هێڵی یەکەمەوە



هەروەها لەسەر یان لەژێر پلیکانەیمۆسیقاوە هێلی ورد هەیە پێیان ئەوترێ هێڵی زیادە (الخطوط الاضافیة) کە ژمارەیان دیاری نەکراوە هەروەك پلیکانەی مۆسیقا لەسەر هێل یان بۆشاییەکانی نۆتە ئەنوسرێتو هەریەکەیان ناوی خۆی هەیە وەکو لەم وێنانەدا ئەی بینن •

هێڵەکانی سەرووی پلیکانەی مۆسیقا



هێڵەکانی خوارووی پلیکانەی مۆسیقا


ناوی هێڵ و بۆشاییەکانی سەرووی پلیکانەی مۆسیقا




ناوی هێڵ و بۆشاییەکانی خوارووی پلیکانەی مۆسیقا

# پشووی مۆسیقا

پشووی مۆسیقا/ هەموو کاتێکی مۆسیقاپشوویەکی بەقەدەر خۆی هەیە و هەموو پشووەکانی نیشانەی تایبەتی خۆیان هەیەوەك لەم وێنەیەدا :




تربڵ پشووی دبڵ پشووی کرۆشوپشووی نوارو پشووی بلانشوپشووی ڕۆندوپشووی
کرۆشو کرۆشو

## ڕابەری کێش (دلیل المیزان) :ـ

نیشانەکانی ڕابەری کێش بریتیە لەژمارەیەك ئەخرێتە سەرەتای پلیکانەی مۆسیقا دوای کلیلەو نیشانەی گۆڕین یەکسەر لەنێوەی کەرتێکا بەبێ هێلی کەرت پێكدێت لە دوو ژمارە : ژمارەی سەرەوە بریتیە لە ژمارەیکاتەکانی مۆسیقا لەهەر بارێكدا لەو پارچە ئاوازەدا و ژمارەی خوارەوە بریتیە لەنیوەی کاتی تەواو کە ئەویش (رۆند)ە •

سەیری ئەم کاتە مۆسیقایانەی خوارەوەبکە ـ هەر یەکەیان ژمارەیەك لە ژێریا نوسراوە بریتیە لەبەش کردنی کاتی تەواو بۆڕون کردنەوەی ژمارەی خوارەوەی کەرتەکە •



١ ٢ ٤ ٨ ١٦ ٣٢

ئەگەر هاتو ژمارەی سەرەوەی کەرتەکەدوو (٢) بوو، و ژمارەی ژێرەوەی کەرتەکە چوار (٤) بوو مانای ئەوەیە هەموو خانەیەک(باریک)دوو نواری تیایە چونکە ژمارەی خوارەوە کە (٤) بوو مانای ئەوەیە هەمووخانەیەک دوو نواری تیایە چونکە ژمارەی خوارەوە کە (٤) چوارە ، نوارمان‌پیشان ئەدا وەک لەم وێنەیەدا :





بەڵام ئەگەر هاتوو ژمارەکان ( $\frac{3}{8}$ ) بوو مانای ئەوەیە کە هەموو باریک سێ (٣) کرۆشی تیایە یان تێکڕاکەی (٣) کرۆش ئەکاچونکە ژمارەی هەشتەکەی خوارەوەی کەرتەکە کروشمان پیشان ئەدا وەک لەم وێنەیەدا :




## خـــانە ( BAR )

هەموو ئـاوازێک بەش بەش ئەکـرێ بەچەند بەشێکەوە پێیان ئەوترێ بـار و بەهۆی هێڵێکی شاقولیەوە جیا ئەکرێنەوە ٠

یەک هێڵ  ئەو هێڵەیە کە بارەکان‌لە یەکتـری جیائەکاتەوەو تێکـڕای کاتەکانی هەموو بارێـک یەکسـانە لەگەڵ یـەک هەتـاژمارەی کەرتەکەی ڕابەری کێش هەمان ژمارە بێت بەڵام کە ژمارەی کەرتەکەی ڕابەری کێش‌گۆڕرا تێکڕاییەکانی ئەو بارەش دەگۆڕێ ٠

دوو هێڵ (  ) بـەکار ئەهێنرێ بۆکۆتـایی پێ‌هێنـانی پارچەیـەک یـان هەموو ئاوازەکە ٠

● بۆ دووپات کردنەوەی ڕستەیەک لەئاوازەکەدوو خاڵ لەبەردەم دوو هێڵەکەدا دائەنرێ 


## خاڵ ( DOTS )

( ٠ ) ئەم نیشانەیە خرایە پێش هەرچی‌کاتێکی مۆسیقا نیوەی کاتەکەی خۆی زیاد ئەکا هەروەها دوو خاڵیشمان هەیە

( ٠٠ ) خـاڵی یەکەم نیوەی کاتی مۆسـیقاکەزیاد ئەکا بەڵام خاڵی دوای خاڵی یەکەم نیوەی کاتی‌خاڵی یەکەم زیاد ئەکـا واتا (¼) چـواریەکی‌کاتی موسیقاکە زیاد ئەکا وەک :




هەروەها لەگەڵ پشووەکانیشدا بە گوێرەی خاڵەکە کاتی پشووەکەش زیاد ئەبێ




## ( 3 ) ( Triplets ) سیانی

ئەم نیشانەیە لەسەر سێ نۆتە ئەنوسرێکە لێ بدرێ بەڵام هەر سێ نۆتەکە دووکاتی ڕەسەنی ئەو سێ کاتەی بۆ ئەبڕێرێ وەك :



هەروەها پێنجی (5) وشەشی (6) مان هەیەکە هەریەکەیان بە قەدەر ئەو ژمارەیەی لە سەریان لەژێری نوسراوە نوتەی تیایە بەڵامچوارکاتی ڕەسەنی خۆیان بۆ ئەبڕێرێ وەك :



## سنكۆب ( Syncope )

بە گوێرەی دابەش کردنی دەنگی توندونەرم لە هەر بارێکا ئاشکرایە کە سێ جۆر بارمان هەیە :


١) ئەگەر هاتوو بارەکە پێك هاتبو لە دووبەش ٢/٤،٤/٤،٦/٨ ئەوا نوتەی یەکەمی بەشی یەکەمی ئەو بارە پێی ئەوترێ توند وە نوتەی‌یەکەمی بەشەکەی تری پێی ئەوترێ نەرم‌وەك







٢ ـ ئەگەر هاتوو بارێك پێك هاتبوو لەسێ‌بەش ئەوا نوتەی یەکەمی بەشی یەکەم پێی ئەوترێ توندو ، نۆتەی یەکەمی بەشی دووەم‌پێی ئەوترێ مام‌ناوەندی‌و ، نوتەی یەکەمی بەشی سێیەم پێی ئەوترێ نەرم ، وەك :






٣ ـ ئەگەر باریك پێك هاتبو لە چوار بەش‌ئەوا نوتەی یەکەمی بەشی یەکەم پێی ئەوترێ توندو نوتەی یەکەمی بەشی دووەم پێی‌ئەوترێ نەرم و نوتەی یەکەمی بەشی سێیەم پێی ئەوترێ مام ناوەندی‌و نوتەی یەکەمی‌بەشی چوارەم پێی ئەوترێ نەرم وەك :




● لەباری دووەمی ئەم وێنەیەدا هەر چوار بەشەکە لەیەك کاتدا کۆبونەتەوە .

بەلاّم لە هەندێ کاتا ئەم نوتانە بە هـۆیبەیەکەوە بەستنەوە یان بە هۆی کۆکردنەوەی چەند دەنگێکی وەکو یەکەوە تێکـەڵاو ئەبن وتووندی نەرمیەکان لە شـوێنی خۆیانا نایێنن لەم کاتەدا پێیان ئەوتـرێ(سـنکۆب)یانیدواکەوتنی شوێنی توندو نەرمی وەك :





تیپی مۆسیقای ئامادەیی سلیمانی
کچان ١٩٧٧


# «زاراوە مۆســـیقاییەکان»

## کە لە کەمانچەدا بەکار ئەهێنرێن

| | |
|---|---|
| ● بەکار هێنانی هەموو کەوانەکە | Whole bow = —— WB |
| ● بەشی خوارەوەی کەمانچە | Lower half = LH — |
| ● بەشی سەرەوەی کەوانە | Upper half = up — |
| ● بەشی ناوەڕاستی کەوانە | middle = MB — |
| ● لای کلکی کەوانەکەوە (کەوانەیەکی کورت) | s.h = short . BOW — |
| ● ســەری کەوانە | point — |
| ● دەست پێکردن لەبەشی خوارەوەیکەوانەکەوە ڕاکێشانی بەرەو خوارەوە | ⊓ |
| ● دەست پێکردن لەبەشی سەرەوەی کەوانەکەوە بردنی بەرەو سەرەوە | V |
| ● بەکار هێنانی کەوانە بەسوکی | P = Piano = Soft |
| ● مام ناوەندی لەبەینی سوکو زۆر سوکدا | mp = mizzo piano |
| ● زۆر بەسوکی | pp... = pianissimo |
| ● تونــد | F = Forte |
| ● مام ناوەندی لەبەینی توندو زۆر توندا | MF = Mezzo Forte |
| ● زۆر توند | FF = Fortissimo |
| ● بەخۆشی (بحلاوة) | dolce = delicately |
| ● دەنگەکــە لەنزمیــەوە وردە وردە بەرەو بەرزی | < Cresc = Crescendo |
| ● دەنگەکە لەبەرزییەوە بەرەو نزمی | > = dim — diminuendo = |
| ● هەر دەنگێك ئەم نیشانەیەی لەسەر یان لە ژێر بوو بەتوندی کەوانەکەی بــۆ بەکار ئەهێنین | Sf. > = Accent = |
| ● لێدان بە پەنجە (پەنجەژێ) | Pizz = pizzi cato . |
| ● لێدان بەکەوانە | ARCO = |
| ● کورت کردنەوەی کاتی ئەو دەنگەی ئــەم نیشانەیەی بەسەرەوە بێ بۆ نیوەی کاتی خۆی بەبێ هەڵبــڕینی کەوانەکە لەســەر ژێکە . | staccato = |
| ● کورت کردنەوەی کــاتی ئەو دەنگەی ئەم نیشانەی بەسەرەوە بێ بۆ نیوەی کاتی خۆی بەهەڵبڕینی کەوانەکە . | sipeccato = saltellato |

| | |
| --- | --- |
| — = detache | به‌كارهێنانی به‌شی زۆری كه‌وانه‌كه‌ بۆ ئه‌و نۆته‌یه‌ی ئه‌م نیشانه‌یه‌ی به‌سه‌ره‌وه‌ بێت • |
| ♯ sharp = diesa | به‌رزكردنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌نگه‌ی ئه‌م نیشانه‌یه‌ی ( دێز )ی له‌به‌رده‌مایه‌ نیو ده‌نگ • |
| b = flat = Bemal = | نزم‌كردنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌نگه‌ی ئه‌م نیشانه‌یه‌ی له‌به‌رده‌مایه‌ نیو ده‌نگ • |
| 𝄪 = Double sharp = | به‌رزكردنه‌وه‌ی ئه‌وده‌نگه‌ی ئه‌م نیشانه‌یه‌ی له‌به‌رده‌مایه‌ دوو نیو ده‌نگ • |
| bb = Double Flat = | نزم‌كردنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌نگه‌ی ئه‌م نیشانه‌یه‌ی له‌به‌رده‌مایه‌ دوو نیو ده‌نگ • |
| = Crona | ئه‌م نیشانه‌یه‌ كه‌ دائه‌نرێ له‌سه‌ر یان له‌ژێر نۆته‌ی مۆسیقا بۆ درێژكردنه‌وه‌ی ئه‌و نۆته‌یه‌و ئه‌م درێژكردنه‌وه‌یه‌ش ئه‌كه‌وێته‌ سه‌ر ئاره‌زووی مۆسیقاژه‌نه‌كه‌ یاخود سه‌رۆكی تیپی مۆسیقاكه‌ • |
| ♮ = Natural = | نزم‌كردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌ به‌رز كراوه‌كان نیو ده‌نگ‌و به‌رز كردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌ نزم كراوه‌كان نیو ده‌نگ ( له‌ كاتێكا هه‌ر ده‌نگێك نیو تۆن به‌رز یا نزم كرابوو ئه‌م ئه‌گه‌ڕێته‌وه‌ ده‌نگه‌ سروشتی‌یه‌كه‌ی خۆی • |
| Coda | له‌ دووپات كردنه‌وه‌ی ئاوازێكدا واز ئه‌هێنین له‌ لێدانی ئه‌و ڕسته‌یه‌ی كه‌ كه‌وتۆته‌ نێوان دووان له‌م نیشانانه‌وه‌ • |
| D.C = dacopo | دووپات كردنه‌وه‌ی ئاوازه‌كه‌ تا كۆتایی دێت به‌ وشه‌ی (Fine) |
| 𝄋 = sign | دووپات كردنه‌وه‌ی ئه‌و ڕستانه‌ی ئه‌كه‌ونه‌ به‌ینی دووان له‌م نیشانه‌یه‌وه‌ • |
| ⌢ = tied not | به‌ستنی دوو نۆته‌ یا زیاتر به‌یه‌كه‌وه‌ به‌ مه‌رجێ یه‌ك ناوو و یه‌ك پله‌یان هه‌بێ (به‌ یه‌ك كه‌وانه‌ لێ ئه‌درێن) • |
| ⌒ = slur = Leg ato | به‌كار ئه‌هێنرێ بۆ خستنه‌ سه‌ر چه‌ند ده‌نگێك بۆ ئه‌وه‌ی به‌ یه‌ك كه‌وانه‌ لێ‌بدرێن ، مه‌رج نی‌یه‌ یه‌ك ناوو و یه‌ك پله‌یان هه‌بێ • |

-  دووپات کردنەوەی بارێك =
-  دووپات کردنەوەی دووبار =
- rit = ئەو پارە ئاوازەی ئەم وشەیەی لەژێرابوو خاوی‌کەرەوە تا تەواو ئەبێ یا تا وشەی (Tempo) دێت ٠
- RALL = وردە وردە خاوکردنـەوەی ئەو نۆتانەی دوای ئەم نیشانەیە دێن ٠
- Accelerando خێراکردنـەوەی ئەو نۆتانـەی دوای ئەم نیشانەیە دێن وردە وردە ٠



دیارییەك بۆ كارزانو هاوڕێكانی


# چۆنیــــەتی گــرتنی کەمانچــــە




کەمانچە بخەرە سەر شانی چەپت ، چەناگەت با لاربێ بەلای چەپی کۆتـایی کەمانچەکەدا ، سەریشت هەروەها کەمێك لاربێ بەلای چەپاو شانی چەپیشت کەمێـك بەرزئەکەیتەوە • ملی کەمانچـەکە لەنێوان پەنجە گـەورەو پەنجەی دۆشـاو مـژەی دەسـتی چەپـدا دەوەستێت • لەسەرخۆ بەچـاکی بە گرێی یەکـەمی پەنجە گەورەو گرێی سێیەمی دۆشاومژە دەگیرێت ، بەلام بەپێی پێویست ڕایگرە تا نەکەوێتە ناو چالایی ئەو دوو پەنجـەوە • ئانیشکی چەپ تا ئەتوانی ڕاکێشە بەژێر کەمانچەکەدا با بەلای کەمەوە تـا ناوەڕاستی کەمانچـەکە بـگات • نابێ ئانیشك بە سنگەوە بنووسێت (کەمانچە بە ئاسۆیی لەگەڵ شانا هەلگرە)، مەچەکی دەستی چەپ دەرنەپەڕێت بەرەو پێشەوەو لەپی دەست نابێ لە ملی کەمانچەکە بدا ، بەکارهێنانی ژێر چەناگە پێویستە بۆ کەمانچە •



## شێوەی هەڵگرتنی کەوانە



سەری پەنجە گەورەت بەداخـراوی ( لە شێوەی C ) لەسەر کۆتایی داری کەوانەکە دابنێو با گرێی یەکەمی پەنجە گەورەت دور بێت لە کەوانـەکە ، لەپاشـان کۆتـایی چوار پەنجەکەیترت بەهێواشی لەسەر داری کەوانەکە دابنێ ، با پەنجەی یەکەم (دۆشاومژەی دەستی ڕاست) دارەکـە بگرێ بەگـرێی ناوەڕاست ، پەنجە گـەورە ئەبێ لەنێوان پەنجـەی یەکەمو دووەمدا دابنـرێت ، گرێی یـەکەمی پەنجەی دووەمو سێیەم لەسەر داریکەوانەکە دائەنرێت بە مەرجێك بۆشایی نەکەوێتـە بەینیانەوە •



سەری پەنجـەی چوارەم (پەنجە بچکـۆلە) بە شاقوڵی ئەخرێتە سەر کۆتایی داری کەوانەکە، قۆڵیش بە ڕێكوپێکی دێتەوە بەدەوریا ئەوسا ڕیشەی کەوانەکە لەسەر ژێکان دابنێ وابێت کە ئینجێك لەپردەکەوە دوربێ،داری کەوانەکە ئەبێ بەلای شوێن پەنجەکانا لاربێ ، واتا لای چەپ ، مەچەك ئەبێت بەرز ڕاگیرێت ، ئانیشك نزم دەکرێتەوە ، نزیك لەلەش •



جـوڵانەوەی بەشەکانی دەستی ڕاست

١ ــ قۆڵ تەنها بەرزونـزم ئەکرێتەوەو لەگەڵ ئەژنـۆی قاچدا هێڵێـکی ڕاست دروست ئەکات •

٢ ــ ئانیشك بەرەو لای ڕاستوچەپ ئەڕوات بەرزو نزمکردنەوەی بەهۆی قۆڵەوەیە •


٣ ــ مەچەك جوڵاندنەوەی بەهەموو لایەکدایە•

٤ ــ بە پەنجـەی یەکەم ئەرك ئەخرێتـە سەر کەوانە بـۆ کاتی سـتاکاتۆ بە پەنجـەی چوارەم (پەنجە بچکـۆلە) ئەرك ئەخرێتە سەر کەوانە بۆ کاتی سپیکاتۆ •


## چەند تێبینییەك لە لێدانی کەمانچەدا

کەوانەکە ئەبێ بە چاکی ڕابکێشرێت بەهێڵێکی تەریبی لە گەڵ پردی ژێکان • پەنجەکانی دەستی چەپ کاتی بەکار هێنانی‌دەبێ توند لەسەر ژێکان دابنرێ • ئەبێ ئاگادار بی کەپەنجەکانت بێشاقوڵی بدەن بەژێکانداوسەری پەنجەکانت دابنێیت تەك پانی‌کەیتەوە لەسەر ژێکان ، ئەم تێبینییانە زۆر پێویستن‌بۆ دەرهێنانی دەنگێکی پاك •

### شێوەی کەمانچەو بەشەکانی :



١ ــ ژێرچەناگە •
٢ ــ ژێڕاگر (سمکە) •
٣ ــ شوێنی بەستنی ژێڕاگرەکە •
٤ ــ کونی دەنگ •
٥ ــ پردی ژێکان •
٦ ــ (صندوق هوائی) بەشی بچووکی پێشەوە •
٧ ــ دیواری پێشەوەی •
٨ ــ چالآیی نێوان دوو صندوقی هەواکە
٩ ــ دیواری دواوەی (صندوقی هوائی) •
١٠ــ بەشی گەورەی دواوەی صندوقی هوائی •
١١ــ جێگای پەنجەدانان •
١٢ــ جێگای دانانی ژێکان •
١٣ــ کلیلەی ژێکان (لای ڕاست) •
١٤ــ بەشی پێچاوپێچی ملی کەمانچە •
١٥ــ کلیلەی ژێکان (لای چەپ) •
١٦ــ ملی کەمانچە •




### کەوانــە


١ ــ بەشی سەرەوەی کەوانە •
٢ ــ بەشی ناوەڕاستی کەوانە •
٣ ــ بەشی خوارەوەی کەوانە •
٤ ــ سەری کەوانە •
٥ ــ ڕیشەی کەوانە •
٦ ــ داری کەوانە •
٧ ــ کلیلی کەوانەکە ئەو بەشەی کە پێی توندو شل ئەکرێتەوە •

### /ناوی ژێکانی کەمانچە

١ ــ ژێی یەکەم (می) لەهەر چوار ژێکە باریك ترە
٢ ــ ژێی دووەم (لا)
٣ ــ ژێی سێیەم (رێ)
٤ ــ ژێی چوارەم (سۆل)



شوێنی ژێیەکـانی کەمانچە لەسـەر پلیکانەی مۆسیقا




## ڕاهێنان لەسەر ژێکانی کەمانچە

ئەم نۆتانە لێ بدەو ئاگات لێ بێ هەموو کەوانەکە لەخوارەوە ڕاکێشە تاکۆتایی دێ لە (W.B) سەرخۆبە لەمەشق کردنا •






تێبینی / نیشـانەی (C) لەجیـاتی (4'4) بەکار ئەهێنرێ وە ئاگـات لەکاتەکـان بێـت چەندی بۆ ئەبڕێری بۆ هەردەنگێك



تێبینی / ئاگـات لەنیشانەی پشـوو بێت و پشوو بدە لەکـاتی خۆیدا هەروەهـا نیشانەی گەرانەوە بەکار بهێنە

ئاگات لە نیشانەی کاتەکان بێت بۆ هەر نوتەیەك کەوانەیەکی تەواوی بۆبەکار بهێنە




تێبینی / هەر نوتەیەك خاڵێکی لە پێش‌دەمابێ‌و نیوەی کاتەکەی خۆی زیاد ئەکا





## ڕاهێنان لەسەر پەنجەی یەکەم



تێبینی / بۆ دیاری کردنی پەنجەی یەکەم
ژمارەی (١) دانراوە
وە بۆ دیاری کـردنی ژێکـە بـەڕووتی
نیشانەی (٥)مان داناوە

تێبینی :هەردوو دێڕی ڕاهێنانی ژێیەکە تاکو
دوو دێڕی یەکەم بەتەواوی لەبەرنەکەی
بەچۆرە سەر دوو دێڕەکەی تر •



ئاگات لەمیانەی نێوان دەنگەکان بێت و بزانـەچەندە بۆ دەرهێنانی دەنگێکی پاک •



تێبینی / نیشانەی ( ✓ ) لە بەینی دوو نۆتەدا وێنە ئەکێشرێ و مانـای ئەوەیە کەنیـو تۆن بەینیان هەیە .

## ڕاهێنانی گشتی لەسەر پەنجەی یەکەم
## بۆ هەر چوار ژێکە






ڕاهێنان لەسەر پەنجەی یەکەم



تێبینی / تائەتوانی کەوانە بەنەرمیو ڕێکوپێك بەکار بهێنە تاکو هیچ دەنگێکی زیادە لـە گەڵ دەنگە سەرەکییەکەدا نەیەتە دەرێ

## ڕاهێنان لەسەر پەنجەی یەکەمو دووەم




- ژمارەی (٢) نیشانەیە بۆ پەنجەی دووەم
- تا پێویست نەکا پەنجەکانت هەڵ مەبڕە لەسەر ژێکان و هەروەها بۆ هەموو ڕاهێنانەکانی تریش ٠
- هەردوو دێڕ بۆ ڕاهێنانی ژێیەکە ، جا دوو دێڕ دوو دێڕ مەشقی تیا بکە ٠
- ئەو شوێن پەنجانەی لە وێنەدا ڕەش کراونەتەوە یانی دانراون ٠



## ڕاهێنانی گشتی لەسەر پەنجەی یەکەمو دووەم

( ⁀ Legato) بەکار ئەهێنرێ بۆ بەستنەوەی دوو نوتە بۆ ئەوەی بە یەک کەوانە لێ بدرێن .






## راهێنان لەسەر پەنجەی یەکەمو دووەمو سێیـــەم

- ژمارەی (٣) نیشانەیە بۆ پەنجەی سێیەم
- دوو دێڕ ، دوو دێڕ مەشق لەم ڕاهێنانەی خوارەوە بکە چونکە هەردوو دێـڕی بۆ ڕاهێنانی ژێیەکەو هەوڵ بـدە بە چاکی بیان ناسیتەوە ·



## ڕاهێنانی گشتی



تێبینی :

- نیشانەی ( 𝄐 ) کرونا (تاج)

لەسەر ج نۆتەیەك بوو درێژیکەرەوە (تۆزێ لەکاتەکەی خۆی زیاتر) •

- ئاگات لەماوەی بەینی پەنجەکانت بێ بەپێی پێویست دای بنێو هەڵی مەبڕە تا پێویست نەکات •

## ڕاهێنانی گشتی



- هەموو ڕاهێنانێك لەسەرەتادا بەخاوی مەشقی تیابکە لەدواییدا بەخێرایی •
- لەکاتی هەموو ڕاهێنانێکدا وابزانە پارچەمۆسیقایەکەو بەرەو ڕووی کۆمەڵێك پێشکەشی ئەکەیت •

## ڕاهێنان لەسەر پەنجەی چوارەم



- لەنێوان پەنجەی سێیەم و پەنجەی چوارەمدا (لەم ڕاهێنانەدا) یەك پلەی تەواو هەیە وەكو لەم وێنەیەدا بۆت ڕوونكراوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونبێتەوە پەنجەی چوارەم لەسەر ژێی (سۆڵ) دەنگی (ڕێ) ئەكا ، كەواتە ئەبێ لەگەڵ ژێی (ڕێ)دا هەمان پلەیان هەبێ ( هەمان دەنگ ) ، هەروەها لەسەر ژێی (ڕێ) ئەكاتە (لا) ئەبێ لەگەڵ ژێی (لا)دا هەمان پلەیان هەبێ و لەسەر ژێی (لا) پەنجەی چوارەم ئەكاتە (می) كەواتە لەگەڵ ژێی (می)دا هەمان پلەیان هەیە ٠



- ئەگەر هاتوو نیشانەی بەكارهێنانی كەوانەت بۆ دیاری نەكرابو پێویستە كەوانەكە لە بنەوە ڕابكێشی (ئەگەر پشووی لە پێشەوەنەبوو) ٠

## راهێنـــــانی گشـــــتی



### سکێل SCAL پەیژەی مۆسیقا

پەیژەی مۆسیقا پێك‌دێت لە حەوت دەنگی‌یەك لـەدوای یەك چی بەســەرکەوتن‌و چی بە هاتنەخوارەوە لەگەڵ دووبارەکردنەوەی یەکەم‌دەنگ لەکۆتاییدا ، دوو جۆر پەیژەمان هەیە ، پەیژەی گەورەو پەیـژەی بچووك • (لە کاتی‌خۆیدا باسی پەیژەی بچووك ئەکەین) •

### ١ ـ پەیژەی گەورە MAGOR

لەپەیژەی گەورەدا لەنێـوان میانەی سێ‌هەم‌وچوارەم پلەی‌دا نیو تۆن هەیە • وە لە نێوان حەوتەم‌و هەشتەم پلەدا (هەشتەم پلە یانی دەنگەسەرەکی ئەو پەیژەیە بـە دووپات کردنەوەی لەدوای دەنگی حەوتەم) نیو دەنگ هەیە• بەڵام‌لە نێوان هەر دووان لە پلەکانی‌ترا یەك تۆنی تەواو هەیە • بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێتەوە تەماشای ئەم دوو دێڕەی خوارەوە بکە •

دۆ + ڕێ + می + فا + سۆڵ + لا + سی + دۆ

١ تۆن ـ ١تۆن ـ ١/٢تۆن ـ ١ تۆن ـ ١ تۆن ـ ١تۆن ـ ١/٢تۆن

لێرەدا ئەگەر لەسەر کەمانچەکەش بەراوردی بکەین بۆمان دەرئەکەوێ ، چونکە ئەو دوو دەنگەی نیو تۆن بەینیان هەیە میانەکەشیان (ماوەکەشیان) نیوەی میانەی ئەو دوو دەنگەیە کە یەك پلەی تەواویان لەبەینا هەیە •

## ڕاهێنان لەسەر سکێلی دۆی گەورە

وەکو لە دێڕی یەکەمدا بۆت ڕوونکراوەتەوە بە شێوەی ئـەو ڕاهێنانە بڕۆ لە پێشەوە ڕاهێنانەکە خۆی بکە لەدواییدا ئەو ڕاهێنانە لەســەر ئەو شێوەیە بکە کە پیتەکانی لەسەرە لە دێڕی یەکەمدا لە پێشدا لەسەر باری پیتی A بڕۆ (هەموو ڕاهێنانەکە وەکو شێوەی باری A لێ‌بکە لەدواییدا B ئینجا C،D،E ... هتد .




## ڕاهێنانێکی دوو کەمانچەیی :

لێرەدا دوو کەمانچە ئەتوانن بەیەکەوە ئەم‌دوو دێڕە لێ‌بدەن بـە مەرجێ کەمانچەیەکیان دێڕی یەکەم لێ‌بداو کەمانچەیەکی‌تریشیان دێڕی دووەم لێ‌بدا .



## (میانـــــــه)

ماوەی بەینی دەنگێك بۆ دەنگێکی‌تر پێی‌ئەوترێ میانە • بۆ نموونە میانەی دەنگی دۆ بۆ دەنگی رێ پێی ئەوترێ میانەی دووەم (لێرەدا ژمـارەی دەنـگەکان دەورنـەبینێ)و ئەم میانەیەش یەك تۆنی تەواویان بەینە هەروەهامیانەی دۆ بۆ دەنگی فـا پێی ئەوترێ میانەی چوارەم چونکە دەنگی دۆ+رێ+می+فا ئەمانەچوار دەنگن بەڵام دوو تۆنو نیویان بەین هەیە دۆ بۆ رێ یەك تۆن رێ بۆ می یەك تۆن مێ بۆفا نیو تۆن کەواتە هەمووی کردی‌یە دوو تۆنو نیو •

**راهێنان لەسەر میانەکان** **میانەی سێیەمو چوارەمو پێنجەم**

**Intervals.**




لەم ڕاهێنانەدا ئاگات لەبەکار هێنانی کەوانە بێ ، بەپێی نیشـانەی کەوانە مەشقی تیا بکە • تا ئەتوانی وردبە لە بەکارهێنانی هەموونیشانەکاندا هەروەها ئەو دوو دەنگەی کە لە ژێر یەك نووسراون بە یەك کەوانە لێ ئەدرێن•



**تیپی مۆسیقای سلێمانی**

## راهێنان لەسەر میانەی شەشەم ، حەوتەم ، هەشتەم ( Octave )





## راهێنان لەسەر کێشی (٣/٤) 3/4



# كـــــــــرۆش

لەمەوبەر هەندێك لە شێوەی کاتەکانی مۆسیقامان خوێندو زانیمـــان کاتەکانیان چەندە بەڵام ئیستا کاتێکی‌ترمان دێتە بەرچاو کە ئەویش پێی ئەوترێ کرۆش کە کاتەکەی ٨/١ کاتی تەواوە • (رۆنـــد) بەواتای ئەوەی ٨/١ی‌کاتی نوارە ئەگەر هاتو ئێمە یەك بڕاردنمان بۆ نوار بەکار هێنا کەواتە بە دوو کرۆش یەك‌بڕاردنی بـــۆ بەکار ئەهێنـــین چونـــکە کرۆش نیوەی کاتی نواری هەیە •



راهێنـــــان







تێ‌بینی :

لەباری یەکەمی دێڕی چوارەمی راهێنانی‌سەرەوەدا وشەی (Ext) مان بەکار هێناوە بۆ دەنگی دۆ کە نیو تۆن لە دەنگی سێ بەرزترە کەپەنجەی چوارەم لێ‌ئەدرێ لەم کاتەدا دەنگی دۆ هەر بە پەنجەی چوارەم وەرئەگرین بەڵام نیومیانە پەنجەی چوارەمـــان بەرزئەکەینەوە بۆ دەنگی دۆ بەبێ‌ئەوەی پەنجەکانی‌ترمان بجوڵێنین لە شوێنی خۆی •

راهێنـــــان



تێبینی : ئەم ڕاهێنانەی لای خوارەوە بەم شێوانەی خوارەوە بکە ٠ئەمەش وێنەی باری یەکەمیەتی






# ♯ SHARP دیـــز

نیشانەیەکە بەکار دێت بۆ بەرزکردنەوەی‌نۆتەی مۆسیقا نیو پلە (تۆن) و ئەگەر هاتــوو یەکسەر لـە پشت کلیلەی مۆسـیقاوە نووسرانەو دەنگەی کە ئەو دێزەی بۆ نووسرا لەهەموو ئاوازەکەدا ئەبێ نیو پلە بەرز بکرێتو (لێ‌ئەدرێت) بەڵام ئەگەر هاتوو تەنها لە بارێکدا یان لەچەنـد بارێکی جیاوازدا نووسـرا ئەوەتەنها هەر کار ئەکاتە سەر ئـەو دەنگانەی کە لەو بارەدا بۆی نووسراوە •




F SHARP; C SHARP; G SHARP; D SHARP; A SHARP; E SHARP; B SHARP.

## سکیلی (صول)ی گەورە




ڕاهێنانی کەوانە لەسەر هەموو ژێکان




## راهێنـــان

**Allegro moderato.** **From C.G.Straub.**





## راهێنـــان

**Moderato.** **C. M. von Weber.**




## راهێنـــان





تیپی مۆسیقای میللی

**تێبینی :**

لەم ڕاهێنانەدا ئەبینین باری یەکەمی کاتیڕابەری کێشەکەی تەواو نەکردووە بەڵام ئەگەر وردبینەوە لەگەڵ باری کۆتاییداتەواوی ئەکا .





راهێنـــان




## راهێنـــــان

تێبینی / ئاگات لە وشەی ( Pocorit ) بێت وە بزانە ماناى وردە وردە بەرەو خاوبونەوەیە .




## راهێنـــــان

ROLAND.



## راهبتـــان

Allegro



## راهبتـــان

Andante. T. H. Bayly.



## شيرين

وليم يوحنا



تێبینی :

ئاگات لەو نیشانانە بێت کە لەسەرنۆتەکان نووسراوە بەتەواوی بەکاریان بهێنە.




راهێنـــان







( مۆزارت )


## بێمـول

b (biomal)




نیشانەیەکە بەکار دێت بۆ نزمکردنەوەی نۆتەی مۆسـیقا نیو پلـە (تۆن) ، وە ئـەگەر هاتوو یەکـەر لە پشت کلیلەی مۆسیقاوە بووئەو دەنـگەی کە بـۆی نووسراوە لـە هەمـوو ئاوازەکەدا نیو پلـە نزم ئەکرێتەوە ، بـەڵام ئەگـەر هاتو تەنها لـە بارێکدا یان لـە چەند بارێکی جیاوازدا نووسرا ئەوا تەنها هەر کارئەکاتە سەر ئەو دەنـگەی کە لەو بارەدا بۆی نووسراوە ٠

### شێوەی بیمۆڵەکان







### راهێنـــــان



## راهێنـــان

**تێبینی :**

ئەم راهێنانە بەم شێوانەی خوارەوە بکە








## راهێنـــان






تیپی مۆسیقای مەولەوی – ساڵی ١٩٥٠

## راهێنان لەسەر ماوەی بەینی دەنگەکان






# رامتينــــان



## راهێنان بۆ نیشانەی ستاکاتۆ :ـ




## ڕاهێنان بۆ نیشانەی دێتاشێ



## بیکار

ئەم نیشانەیە بەکار دێت بۆ گێڕانەوەی نۆتەکە (دەنگەکە) بۆ دۆخە ئاساییەکەی خۆی ،
واتە ئەم هێزی دێزو بیمۆل لەناو ئەبا .. ♮






# دبل کرۆش





دبل کرۆش ١/١٦ کاتی تەواوە یانی ١/٤ی نواریکە ، بەچوار دبل کرۆش بەك بژاردنی بۆ بەکار ئەهێن

**C major.** Count in common-time.



to be continued in the same way.

## راهێنـــــان






## سکێڵی مانیەر Minor بچووک

هەموو سکێڵێکی گەورە Magor سکێڵی بچووکی هەیە ، بۆ دەرهێنانی ئەوهەنگاوانە بنێ :
١ ـ دەست نیشان کردنی شەشەم پلەی پەیژەی گەورەو کردنی بە تونیك (بنچینەی) پەیژە بچووکە تازەکە
٢ ـ هەمان (نیشانەی گۆڕین) کە لە پەیژە گەورەکەدا هەبوو دای‌ئەگرین بۆ ئەم پەیژە تازەیەش •
٣ ـ پەیژەی بچووکی ئاسایی (طبیعی) هیچ نیشانەیەکی پێشگری (عارض) نایەتەڕێ •
٤ ـ پەیژەی بچووکی هارمۆنیك حەوتەم پلەی نیۆتۆن بەرز ئەکرێتەوە لە سەرکەوتن‌و دابەزیندا بە لێدان
٥ ـ پەیژەی بچووکی ملیودیك پلەی شەشەم‌و حەوتەمی لە سەرکەوتنا هەر یەکی نیو تۆن بەرزئەکەینەوەو لەگەڕانەوەدا (لەهاتنە خوارەوەدا) ئەگەڕێنەوە شوێنی ئاسایی خۆی •

---

## ســــیانی (ثلاثي)



وەکو بۆمان دەرکەوت کەهەموو شێوەیەکی‌نۆتەی مۆسیقا کاتێکی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام هەندێ جار ئەم شێوانە کاتەکانیان کەمترە لەکاتە ڕەسەنەکەی خۆیان بۆ نمونە سێ نوار کاتی دوو نواریان هەیە بەمانای بەسێ نوارەکەلەکاتی بلانشێکدا لێ‌ئەدرێن یان سێ‌کروشس لەکاتی دوو کرۆشدا لێ‌ئەدرێن یان سێ دەبل‌کرۆش لەکاتی دوو دبل کروشدا لێ ئەدرێن جا بۆ ئەم مەبەستە ژمارەی (٣) ئەخرێتە ژێریان‌سەر ئەو سێ نۆتەوە کە پێویستە بەکاتە مەبەستەکەی خۆی لێ‌بدرێ •

## ڕاهێنان



## راهێنــــان

ROLAND.

Vivo.




## راهێنــــان





تیپی مۆسیقای ساڵان

## سكيلى بچووكى ميلۆديك

## سكيلى بچووكى هارمۆنيك




## راهێنـــان






راميتان




راميتان



راهتنـــان



راهتنـــان

Upper half of the bow



راهێنـــان




راهێنـــان



سەرلاج پەتوف ١٩٧٦   بەشێك لە تۆمارێتی کارەکانی شەهیداڵ





راهێنان




Allegretto grazioso e cantabile
cresc.
dim.
poco rit.
Tempo I
TSCHAIKOWSKY



## ڕاهێنان




تێبینی / ئاگات لە بەکارهێنانی نیشانەکان بێت

راهینـــان




راهینـــان



# ڕاهێنان

تێبینی/لەم ڕاهێنانەداو لە ڕاهێنانەکانیتریشدا کەتۆزێ خێران ئاگات لەبەکار هێنانی کەوانە بێت کـە تەنها بە مەچـەك نەبێت • هەروەها ئاگات لێبێت کەئەم ڕاهێنانە بە سێ جۆری کەوانە مەشقی تیابکە •


(١) بەناوەڕاستی کەوانە (٢) بەسەری کەوانە(٣) بەبنی کەوانە •




تێبینـی / زۆر گرنگـە خۆمان ڕابهێنیـن کەبتوانین کەوانە بەچاکی بەکار بهێنین چونکـە کەوانە زۆر کاردەکاتە سەر دەرهێنانی دەنگیپاك بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەموو ڕۆژێك ئەم مەشقانەی لای خوارەوە بکـەین ئەگەرچیبێ نۆتەشبێ •

(١)قۆڵی ڕاسـت بنوسێنی بەدیـوارێکەوە و هەوڵ بدەیـت کەتەنها هەر بەمەچـەکت تـاکو ئانیشك کـەوانەکە بەکار بهێنیلەسەر هەموو ژێکان مەشق بکەیت •

(٢) هەوڵ بدەیت کەوانە تەنها بەپەنجەکانتبجوڵێنیو ئەمەش زۆر پێویستە بۆ دەرهێنانی دەنگە زۆر خێراکان •




## ڕاهێنــــان

پێویستە بۆ ڕاهاتن لەسەر ئەم شێوەیە لەپێشا بەخاوی تاوەکو پەنجەت ڕادێت بەخێرایی





لەباری یەکەم و دووەمدا نیشانەی دێتاشێ بەکارهاتووە، تکایە تۆش بۆهەموو ڕاهێنانەکە ئەو نیشانەیە بەکاربهێنە .




## راهتيـــان




## ڕاهێنـــان

سکێڵە گەورەکان لەگەڵ سکێڵە بچوکە سروشتیەکەی پێویستە ببێە ڕاهێنانی ڕۆژانە




E major.
C♯ minor.
B major.
G♯ minor.
F♯ major.
D♯ minor.
D♭ major.
B♭ minor.
A♭ major.
F minor.
E♭ major.
C minor.

راهێنانی دوو کەمانچەیی






## ستاکاتۆی بەیەکەوە بەستراو

وەکو وتمان ستاکاتو (پچڕ پچڕ بەبێ‌هەڵبڕینی کەوانە) ئەبێتە هۆی کەم کردنەوەی دەنگەکە لەکاتەکەی خۆی کەمتر • لێرەداستاکاتومان هەیە بەلام بەنیشانەی بەیەکەوە بەستن بەستراون بەیەکەوە لەم کاتەدا ئەونۆتانە هەر بەپچڕ پچڕی لێ ئەدرێن بەلام بە پەنجەی یەکەمی کەوانەکە ئەرك ئەخەینە سەرکەوانەکە بۆ ئەوەی پچڕ پچڕەکە بتوانین لێبدەین‌و کەوانەکە هەر بەرەو ئەو شوێنە ئەبەین کە نیشانەی بەکارهێنانی کەوانەکە بۆمان دەست‌نیشان ئەکا • تەواوکەرەکەی لە لاپەڕە ١١٦ (نیشانەکراوە) .

Moderato assai. ڕاهێنان




پێویستە قوتابی چەند ڕاهێنانێکی تریش‌لەم بابەتە بۆخۆی بنوسیتەوەو مەشقی تیا بکات بۆ بەهێز بونی کەوانەکەی لەو بارەیەوە

## سـکێلی کروماتیـك

لەم جۆرە سکێلەدا لەنێوان دەنگێك بۆدەنگێکی‌تر نیو پلە ( تۆن ) هەیە ، لێرەدا زۆر پێویستمان بەبەکار هێنانی نیشانەکانی‌گۆڕین دەبێت (دێز ، بیمول ، بیکار) •



- ٦٤ -

پێویستە ئەو دوو دێڕە ڕاهێنانەی (لاپەڕەی٦٤)زۆر گرنگی پێبدرێتو لەسەرەتادا بەکاتی ڕۆند بکرێت لەدوایدا بەبلانش ئینجا نوار تاکوبەتەواوەتی دەنگەکان شارەزا ئەبین ئینجا بەرە بەرە هەوڵ ئەدەین بە خێرایی فێری بێوەدەست بکەین بە مەشقکردنی ئەم ڕاهێنانەو هەر یەکە لەکاتەکانی بکەین بەنیوەی خۆییانی بەرە بەرە بەرەو خێرایی بۆ ئەوەی پەنجەکانمان بەخێرایی ڕابهێنین •

## ڕاهێنـــان






## APPOGGIATURA

## (اپوجیاتورا)

لەووشەی ئیطالی ( APPOGIARA ) وەرگیراوەبەمانای (ارتکاز) ئەخرێتە بەردەم نـوتەیەکی ســەرەکیو لـە سەرووی یان لـە خـوارووی‌دەنگەکەوە بێت (بەبەرزی یان نـزمی دەنگێك یان نیو دەنگ) لەشـێوەی نۆتەیەکی بچـوکدائەنووسـرێتو کاتــەکەی لـە کـاتی نـۆتە سەرەکیــەکە وەرئــەگیرێو لــە کاتی لێداندا پێویستە بەپەنجە ئــەرك بخرێتە ســەر دەنگە سەرەکیەکە • هەروەها وەکو ئەڵێین کاتی ئەم نوتەیە نیوەی کاتە سەرەکیەکەی بۆوەرئەگیرێ بەڵام هەندێ جار بەپێی ئـارەزووی مۆسـیقاژەنەکەیـەو ، لەکاتێکا لەبەردەم نۆتـەیەکدا بوو کە خاڵی لەبەردەمابوو ( نوطة منقوطة )ئـەوا ٢/٢ ی ئـەو دەنگە ســەرەکیـەی بـۆ وەرئەگیرێ •




هەروەها دوو نوتەیشمان هەیە نوتەیەکیان‌لە سەرەوەو یەکێکی‌تریان لــە خوارووی نۆتە ســەرەکیەکەوە هەمــان دەســتوور لە کــاتی‌نۆتەکەی پێش ئەم نیشانەیە بۆی وەرئەگیرێ•





### ڕاهێنان



### (نوته عابره للرعشه) **نۆتەی موچوڕکەدار** **( Mordant ) or ( Passing Shake )**

جوولانەوەیەکی خێراییو کورت بۆ دوو دەنگی تەنیشت یەك پێویستە نۆتەی یەکەمی ئەو دوو نۆتە بچووکەی کە لەپێش نۆتە سەرەکیەکەبەکارئەهێنرێ لەهەمان پلەی نۆتە سەرەکیەکە بێت هەندێ جار لەشێوەی مارماروکەیەکی پێچاو پێچی بچکۆلەدا دێت بەمانای نوتەی دوهەمی دوو نوتە بچکۆلەکە لەسەروی نوتەسەرەکیەکەوەیە بەلام ئەگەر خەتێکی بەناوەڕاستا هات ئەوا بەمانای ئەوەیە نۆتەیدوهەمی خوار نۆتە سەرەکیەکە • (نزم ترە بە دەنگێك لەنۆتە سەرەکیەکە) •







### ڕاهێنان




## Grupett or Turn ~ (کۆمەڵە نوتەیەکی بچکۆلە)


کۆمەڵەیەك نوتەیە پێك دێت لەسیان یانلەچوار نوتەی بچکۆلە • یان لەشێوەی ∽ دێت • ئەگەر کراوەی لای سەرووی لای چەپەوە بوو پێویستە لە نۆتەی سەرووی نۆتە سەرەکیەکەوە دەست پێبکرێت بەلێدانو ئەگەرهاتوو بەپێچەوانەوەبوو ئەوا لەنۆتەی خوارەوی نۆتە سەرەکیەکەوە پێ ئەکەین •

١ ـ ئەگەر هاتو ئەو نیشانەیە خرایە سەرنوتەیەك ئەوا ئەو کۆمەڵە نوتەیە پێكدێت لەسێ نۆتەی بچووكو کاتەکەی لە نۆتە سەرەکیەکە وەرئەگیرێو لە پێش نۆتە سەرەکیەکەوە لێ ئەدرێ •

٢ ـ ئەگەر هاتوو نیشانەکە خرایە بەینی دوونوتەی جیاواز لەو کاتەدا کۆمەڵەکە پێك دێن لەچوار نۆتە پێویستە کاتەکەی لەنۆتەی پێش خۆی بۆ وەربگرینو نۆتە سەرەکیەکە لە پێشدا لێ بدرێت

٣ ـ ئەگەر هاتو ئەم نیشانەیە کەوتە دوای نۆتەیەکی خاڵدار ( نوتة منقوطة ) ئەوا (١/٦)ی نوتە سەرەکیەکەی بۆ وەرئەگیرێو ئەگەر هاتوو نۆتەکە بکەین بە شەش بەشەوە لە بەشی چوارەمی کاتەسەرەکیەکە وەرئەگیرێ • ئەگەر پێویست بۆ نوتەی سەروی کۆمەڵەکە بەرز بکرێتیاتزم ئەوا بەهۆی دانانی نیشانەی ئەو گۆڕینەی ئەمانەوێ لەسەرووی یان لەخوارووی نۆتەکەوە ئەینوسینو ئەشتوانرێ نۆتەی سەرووی‌و خوارووی بگۆڕێت بە دانانی‌ئەو نیشانانە لەسەرو خواری ئەو نیشانانەدا بەپێی پێویست •








## تریــــل ( زغــردة ) The shake or trille

لەرانەوەی دەنگی سەرەکی بەدەنگی پاشی، نوتە سەرەکیەکە هەموو کاتێك نزم ترە لەو دەنگەی کە تریلی پێ ئەکرێ • کورت کراوەکەی ( tr ) ئەخرێتە سەر ئەو نوتەیەی ئەم جۆرە لێدانەی پێویستە • ئەگەر هاتو پێویست بوونوتەی تریلەکە بگۆڕین ئەوا نیشانەی گۆڕین لەژێر نیشانەی ( tr ) تریلەکەوە دائەنێین و هەندێجار هێلێکی پێچاوپێچ لەدوایەوە دێت •

تریل بەسێ هەنگاو دەستمان ئەکەوێ


١ ــ ئامادەبوون (التحضیر ) •
٢ ــ لێدان (النبضات) ، ( Battements )
٣ ــ کوتایی (الانهاء)

لە هەنگاوی یەکەمدا (ئامادەبوون) دووکاری سەرەکی هەیە (أ) دەست پێ کردن بەنوتە سەرەکیەکە (ب) دەست پێ کردن بەو نوتەبچکۆلەیەی کەهەندێ جار لەپێش نوتە سەرەکیەکەوە ئەنوسرێ ئینجا لەسەر یانلەخوار نوتە سەرەکیەکەوە بوو بەپێی دەست نیشان کردنی ئەو نوتەیەیە لەلایەن ئاوازدانەرەکەوە

لە هەنگاوی دووهەمدا (نبضات) بەمانای بەکارهێنانی خێرایی دەنگەکەی کە تریلی پێ ئەکەین •

لەهەنگاوی سێیەمدا ( کۆتایی ، الانهاء ) ئەویش چەند ڕێگایەك هەیە بۆی کە بەهۆی نوسینی چەند نوتەیەکی بچکۆلەوەیە • پێویستەکۆتایی نۆتەکانی کۆتایی بەهەمان خێرایی لێ بدرێت بەلام لەکاتی رتیمە (ایقاع) خاوەکاندابۆ نمونە Adagio ئەتوانرێ جولانەوەی

دەنگەکان بەرە بەرە بەخاوی بڕوات • بـەڵام پێویستە لەهەموو کاتێکا ئەو نوتانەی تریلـی پێ ئەکەین هەموویان یەك کاتیان هەبێ •




لەبەر ئەوەی تریل بەڕێك‌و پێکی فێربین پێویسـتە بەهێواشی تریل بکەین‌و بـەرە بەرە بەرەو خێرایی بڕۆین تاکو بەتەواوی ڕابێین‌و بۆ ڕاهاتن سەیری ئەم دێڕەی خوارەوە بکە :






## Plzzicato پەنجەژێ

ووشە کورت کراوەکەی (pizz) دائەنرێ لەژێر یان لەسەر نۆتە بۆ ئەوەی لەباتی کەوانە بەپەنجەی دۆشاو مژەی (یەکەم) دەستی ڕاست (دەستی کەوانە) لێبدرێو بەردەوام ئەو نۆتانە دوای ئەم ووشەیە دێن بەپەنجە لێ ئەدرێت تاکو ووشەی ARCO مان دێتە بەرچاو ئینجا دەست ئەکەینەوە بەلێدانی نۆتەکان بەکەوانە.

لەهەندێ کاتدا نیشانەی (+)مان بەرچاوئەکەوێ ئەویش مانای لێدانی ئەو دەنگانەیە کە ئەم نیشانەیان لەسەر یان لەژێرە بەپەنجەبەلام بە پەنجەی دەستی چەپو خۆی بۆت دەست نیشان ئەکا بەچی پەنجەیەك لێ بدرێ .




## نیشانەی کورت کردنەوە

لەبەر ئەوەی کەمترین نۆتە بخەینە سەرکاغەز بەلەرجێ لەماوەی مۆسیقاکەش کەم ئەکاتەوە هەندێ نیشانەی کورت کردنەوەهەیە کە بەکاری ئەهێنین وەکو نیشانەی دوبات کردنەوەی یەك‌بار مانای ئەوەیە ئەو نیشانەیەکەوتە پێش هەرچی خانەیەکی (بار) مۆسیقا ئەو بارە دووپات ئەکرێتەوە .




هەروەها لەم دێرە نوتەیەشدا بۆماندەرئەکەوێ چۆن نوسینەوەی نوتە کورت ئەکرێتەوە .




ئەنوسرێ لێ ئەدرێ ئەنوسرێ لێ ئەدرێ ئەنوسرێ لێ ئەدرێ

هەروەها وەکو ئەم دێڕەش ئەنوسرێ .




ئەنوسرێ لێ ئەدرێ


## TREMOLO ترێمۆلۆ

کورت کراوەی TREM بەکار یەت بۆئەو نۆتەیەی کە پێویستی بێت زۆر بەخێرایی لێبدرێ لێرەدا پێویستی تەنها بـە لەرینەوەی پەنجەو مەچەکی دەستی ڕاست(دەستی کەوانە) ئەم نۆتانە لێبدرێن لەبەر خێرایی‌یان ، لەم دوو دێـڕ نۆتەیە لەدێـڕی یەکەم لـە نووسیندا بەرچاوت ئەکەوێ بەلام دێڕی دووەم لە لێداندابەرگوێمان ئەکەوێ ·







## پۆزیشنی دووەم
## 2nd POSiTION




دانانی پەنجەی یەکەم لەسەر ژێکان (بەمەرجێ یەك تۆن بەرز بێت) پێی ئەوترێ پۆزیشنی یەکەم بەلام بۆئەوەی دەنگە بەرزەکانمان زیاتر دەست بکەوێتو هەندێ جار پێویست ئەکات کەهەندێ تۆن هەیە لە سەریەك ژێ وەری بگرین پێویستە فێری پەنجە گواستنەوە بین • جالێرەدا پەنجەی یەکەم ئەگوێزنەوە شوێنی پەنجەی دووهەم لەسەر ژێکانو ئەو دەنگەی بە پەنجەی دووەم وەرمان ئەگرت ئێستا بەپەنجەی یەکەم وەری ئەگرین هەروەها دەنگەکانی تریش پەنجەکانیان ئەگۆڕێ لەم کاتەدا پێی ئەوترێ پۆزیشنی دووهەم • بەلام پێویستە ئاگامان لەمیانەکانیان بێت ئەو تۆنەی نۆتەکە داوای ئەکات میانە تەواویەکەی وەربگرین • جگە لەوەی کە نیشانەی گۆڕین داوامان لێ ئەکات •

To prepare the 2nd Position. Position of the fingers.



### راهێنـــان



## پراهتنان


1st Position
2nd Pos.
2nd Pos.
1st Pos.
2nd P.
1st P.
2nd P.
1st P.
2nd P.
extend the fourth finger
1st P
2nd P.
1st P.
2nd P.
1st P.
2nd P.
1st P.
Scale of C in the 2nd Position

## راهێنان



## راهێنان




# راهتنـــان




## رامیتان



* * *    * * *







# 3rd Position

## پۆزیشنی سێیەم

پـەنجە گواستنەوە فێربووین لە پۆزیشنی
یەکەوە بۆ پۆزیشنی دوو لێرەدا خـۆمان فێری
ئـەوە ئەکەین کە بیگوێزینەوە بۆ پۆزیشـنی
سێیەم ئەگەرچی لەپۆزیشنی دووەوە بو یان
لـە پۆزیشنی یەکـەوە جیاوازی نیـە گرنگ
ئەوەیە ئێمە ئـەو دەنگە بەپـاکی وەربگـرین
لەسەر ژێ کەبەو پەنجەیەی ئەیەوێت دیسانەوە
هەر بۆ وەرگرتنی دەنگە بەرزەکانە ·






## ڕاهێنان



## ڕاهێنان



## ڕاهێنان



## ڕاهێنان





## ڕاهێنان




## ڕاهێنان






Allegro

« سرجنار » وليم يوحنا



# راهتنان



لەم ڕاهێنانەدا ئاگات لەنیشانەی دێتاشێ بێتەوەو پەنجانەی کە لەسەرەتای هێڵەکاندا بۆت
دیاری کراوە هەڵی مەبڕە تاکۆتایی هێڵەکە ٠



## پامتنان



# پامیتان





کوێستانان

ئەنوەر قەرەداغی ١٩٦٦







Allegro maestoso
ff risoluto
p dolce
ff
p
f
(*)


# وەرگرتنی دەنگەکان بەپەنجە گۆڕین

لەم ڕاهێنانەی لای خوارەوە دەنگەکان بەچەند پەنجەیەکی جیاواز وەرئەگیرێ بۆنمونە لەباری یەکەمدا دەنگی ڕێ لەسەر ژێی‌دووەم (لا) بەپەنجەی یەکەمیش و بەپەنجەی سێیەمیش وەردەگیرێ جا لێرەدا پێویستەدەنگەکە بەتەواوی وەربگرین‌و هەوڵ بدەین بەپێی ئەو پەنجەیەی داوای ئەکا دەنگەکەوەربگرین • چونکە ئەم ڕاهێنانە ئامادە بوونە بۆ وەرگرتنی دەنگە بەرزەکانی تریشس وڕاهێنانە بۆ خێرا وەرگرتنیان •

## ڕاهێنان




حەسەن حاجی قاسم — چەمی ڕێزان




تێبینی / لەبەرئەوەی لە بەشەکاندا ، بەشی «A» دووبارە ئەکرێتەوە .

# Double stops (راهێنانی دوو دەنگی)

Lento.



## راهێنـــان

Moderato.




Moderato.
D. ALARD.
The finger remains on C.
The finger remains on B♭.
Scale in Thirds.
115.
Scale in Sixths.
— 4 —

## ڕاهێنـــان




تێبینی / ئاگات لێبێ ئـەو پەنجەیەی بـۆیدەستنیشان کردوی لەو ڕاهێنانەی لایسەرەوە
ئاگای پەنجـەکان هەڵـبڕی (ئـەو دەنگـەیژمارەکەی لەسەر نوسراوە )

## ڕاهێنان




Moderato.

# CONCERTINO

im Stil von Antonio Vivaldi (1680-1743)

I. & III. Position

In the style of Antonio Vivaldi / Dans le style d'Antonio Vivaldi

M. = in der Mitte / Middle / au milieu

Sp. = an der Spitze / At the Tip / À la pointe

. . . . . = feste kurze Striche / Detached / Détaché court

– – – – – = breite (geschobene) Striche / Broad bowing / Largement détaché

**Violino**

Ferdinand Küchler, Op.15

**Allegro moderato**




mf
cresc.
f
p
cresc.
f


allargando
Siciliano. Larghetto
p ma espressivo
Adagio
attacca subito
Allegro assai
cresc.


Sp.
senza allargando




MOZART
dans DON JUAN
Andante.
p molto cantabile.
mf
dolce.
a tempo.


Allegro
POCO rit.
a tempo
POCO rit.
a tempo
براهمس
- ٩٨ -

# HARMONIC SOUNDS

هەندێ دەنگ هەیە کەپێیان ئەوترێ‌ئلاجولێت Flogeolet کە لەڕاستیدا بە بەکار هێنانی کەوانە بەسوکی و دانانی پەنجەبەسوکی ئەم دەنگانەمان بۆ دەرئەچێ هەندێ لەم دەنگانە دەنگە ڕاستیەکانن بەلام هەندێکیان‌دەنگی تەواوی ئەو شوێن پەنجەنین • و لەکاتی دانانی ژمارەی سفری ئینگلیزی لە سەروی‌ژمارەی پەنجەکەوە پێویستە کەوانەو پەنجە بە سوکی بەکار بهێنین بۆ دەرهێنانی ئەم دەنگانەوەکو لەم‌شێوەیەدا کە ئۆکتاڤیك(جەوت دەنگ) لەخۆی بەرزترە •



لەم دوو دێڕەی خوارەوەدا بۆمان‌دەرئەکەوێ لەبەکارهێنانی پەنجەو کەوانە بەسوکی ئەو دەنگانە چین کە دەرئەچن دێڕی‌سەرەوەی لەکاتی پەنجە داناندایە بەلام دێڕی خوارەوەی ئەو دەنگانەیە کە بۆمان دەرئەچن •




## ڕاهێنان



## میترۆنـــۆم METRONOM

هەچ کەسێ کە ئاوازێك دادەنێ فەرمانی‌سەرشانێتی کە خێرایی ئاوازەکە دیاری بکا ، تاکو گۆرانی بێژ یا مۆسـیقاژەن ئاوازەکە بەرێك‌وپێکی‌و بێ تەتەڵە کردن بخاتە بەرگوێ •

زانیارێـکی ئەڵەمانی کە نـاوی (ژۆهان‌میلیزل)ەو لـە میکانیکدا زۆر شـارەزا بووەو ساڵی ١٧٧٢ لە شـاری (رایتربۆن)ی ئەڵمانی‌لە دایك بـووەو ساڵی ١٨٣٨ کـۆچی دوایی کردووە ، بـۆ دەست نیشان کردنی خێـرایی‌ولەسەرخۆیی ئاواز ، ئامێـرێکی دروست کردو ناوی نا ـ میترۆنۆم ـو زۆر جاریش بە ناوی‌دروست‌کەرەکەیـەوە دەناسـرێ بۆیـە دەڵێن ـ میترۆنۆمی میلیزل ـ •

میترۆنۆم ئامێرێکە بەندۆڵێکی هەیە وەك‌بەندۆڵی سەعاتی چاڵمەو لەبنەوەی قایم‌کراوەو قورساییکی پێـوە کراوە کـە بە ئاسـانی ئەم‌قورسایی‌یە بۆ سەروخوار دێت‌و دەچێ بەسەر بەندۆڵەکەدا • تا ئـەم قورسایی‌یە بۆ سەرەوەبچێ جوڵاندنەوەی بەندۆڵەکە خاوتر ئەبێتەوەو تا بۆ خوارەوە بچێ جوڵانـدنەوەکەی خێراتر‌ئەبێ • ئـەم بەندۆڵە لەبەردەم راسـتەیەکدا دێت‌و دەچێ کـە کراوە بە چەنـد بەشێکەوەوهەر بەشە ژمارەیێکی لەسـەر نووسراوە • بۆ نموونە •• ئـەگەر قورسایی‌یەکەمـان هێنایەبەردەم ژمارە (٦٠)و ئامێـرەکەمان قوڕمیش کردو بەندۆڵەکە کەوتە هات‌وچۆ ، ئەمە ئەوەئەگەیەنێ کە بەندۆڵەکە لە دەقیقەیەکدا شەست جار دێت‌و دەچێ ، واتە هەر جووڵەیەکی لەیەك‌سانیـەدا ڕوودەدا • ئەگـەر قورساییەکەمان هێنایە بـەردەم ژمـارە (١٢٠) ئەمـە ئـەوەئەگەیەنێ کە بەندۆڵەکە لە یەك دەقیقەدا سەدو بیست جار دێت‌ودەچێ واتا لە سانیەیەکدا دووجار ئەجووڵێتەوە •


M.M ♩ = ٨٠ هەندێ جـار لـە سـەرەتای ئـاوازێکی‌نوسراودا ئەمە دەبینین یانی میترۆنۆمی میلیزل ژمارەکەش یانی ئەوقورسایی سەر بەندۆڵی میترۆنۆمەکە پێویستە بخرێتە بەردەم ژمارە (٨٠) ، چونکـە خێرایی‌ئاوازەکـە بریتی‌یـە لە (٨٠) نـوار لە یـەك دەقیقەدا • • !

جالە مۆسیقادا خێرایی هەموو ئاوازێـك‌ئاوێکی تایبەتی هەیە بۆیە لە میترۆنۆمدا ئەو زاراوەیەی لەو جۆرە خێرایی‌یە دەتێن لەوبەرژمارەکەوە نووسـراوە • • بۆ زیاتـر روون کردنەوەی ئەمەئەوا ئەو زاراوانە دەنووسینەوەو دەست نیشانیشی ئەکەین هەریەکەیان چەند نواری تیا ئەبێ لە دەقیقەیەکدا •• سەیری لاپەڕەی (١٠١) بکە •

| نیشانەکان | ژمارەی ئوار لە دەقیقەیەکدا |
|---|---|
| Lango | 48 ———— 40 |
| Lento | 52 ———— 48 |
| Adagio | 56 ———— 52 |
| Larghtto | 63 ———— 56 |
| Andante | 69 ———— 63 |
| Andantino | 72 ———— 69 |
| Sostenuto | 76 ———— 72 |
| Comodo | 80 ———— 76 |
| Maestoso | 84 ———— 80 |
| Moderato | 104 ———— 84 |
| Allegnetto | 116 ———— 104 |
| Animato | 126 ———— 116 |
| Allegro | 138 ———— 126 |
| All. assai | 152 ———— 138 |
| All. vivace | 160 ———— 152 |
| Presto | 184 ———— 160 |
| Presto | 200 ———— 184 |
| Prestissmo | 208 ———— 200 |

## میانەکان و ناوەکانیا بە ئینگلیزی

### THE INTERVALS.



**فیبراتۆ : ـ**

لـــە زاراوە مۆســـیقاییەکاندا بـــاسی هەندێ شتمان کردوە کە بەکار ئەهێنرێ لەگەڵ لێدانی مۆسیقادا بۆ خۆش کردنی ئـەو تۆنەی‌کە پێویستە • بۆ نمونە ووشەی( DOLCt )کە لە کاتێکا ئەو تـۆنە مۆسیـقایە پێویـستی بەلێداتێکی خۆش هەیە ئەم ووشـەیەی لەژێردا ئەنوسرێ جا لێرەدا باسـی فیبرادۆ ئەکەین کەجۆرێکە لەو شێوانەی ئەبنە هۆی خۆشی دەنگی مۆسـیقا ، هەرچەنـدە هیچ سـەرچاوەیەکی‌بەکەڵکم لەم بارەیەوە دەست نەکەوتووە تاکـو بتوانم زۆر بە دورو درێژی باسی بکەم ،لەگەڵ‌ئەوەشدا فیبرادۆ وەکو ئەوەی تا ئێسـتا باوە بەدوو شێوە ئەکرێ : ـ

١ ـ لەکاتێکا کە ئەو دەنگـانەی کاتەکانیـان‌تۆزێ درێـژە بەواتایەکی تر مۆسیقا خاوەکان ئەتوانیـن بەهـۆی هاتوچـۆ پێکـردنی‌ئانیشکی دەستی چەپ بەرەو لەش‌وگیرانەوەی بۆ شوێنی خۆی ، بەمەرجێ ئەو دەنگەی‌کە پەنجەکەی لەسەر دانراوە نەهێڵین لەشوێنی خۆی بیزوێ هەرچەندە ئەم هاتوچۆکردنەبەئانیشك ئەبێتەهۆی جوڵاندنی پەنجەکە بەڵام بەشێوەیەکی زۆر کـەم کەزۆر دورە لـەنەشاز (ناخۆش) کردنی دەنگەکەو ئەبێتە هۆی خۆش‌کردنی دەنگەکە جا بۆ ئەم مەبەستەپێویستە لەسەرەتادا زۆر بەخاوی هاتوچۆ بە ئانیشکمان بکەین تاکو بەرە بەرە ڕادێین•

٢ ـ بەهۆی جوڵاندنی مەچەك بەتەنها بەهەمان‌شێوە • هانینی بەرەو پێشەوە و بردنی بەرەو دواوە بەمـەرجێ پەنجە پێویسـتە کە لەشـوێنی خـۆی نەجوڵێنرێ ، ئەم شـێوەیەش پێویستی بەڕاهێنان هەیە لەپێشا بەخاویو لەدواییدا بەخێرایی تاکو ڕادێین ، فیبراتۆ ئەبێتە هـۆی گۆڕینی جـۆری دەنگـەکە(بەهۆی کەم کردنو زیادکردنێکی زۆر کەمی درێژی ژێ‌کەوە) بەدەنگێکی خۆش‌تر لەودەنگەی کە بەبێ فیبرادۆیە • چۆنیەتی بەکار هێنانیشی ئەکەوێتە سەرشـانی کەمانچەژەنەکـەو نابێ بەهیچ جـۆرێك جـوڵاندنی مەچەك‌و ئانیشك ببێتە هـۆی جوڵاندنی‌کەمانچەکە •

ئەنوەر قەرەداغی «١٩٦٨»


# شایی






زەردەخەنە

فرنسيس داود «١٩٧٠»




# لاوك

سەلاح رەئوف ١٩٧٥



# شنە


خالد سەرکار ١٩٧٦




باری دەبەمی ئەم پارچە مۆسیقایە بەم شێوەیە




تابخەرۆ
سەلاح رەئوف ٠١٩٧٣
Moderato
rit
Tempo
1
2



سهما
وليم يوحنا «١٩٧٠»
Allegro moderato
Tempo
SOLO
Rall
moderato
1
2


ئەلبێرت عیسا

## گەردەلولی پاییز



ئەنوەر قەرەداغی ١٩٦٩. مەم و زین






کاربیمۆل ¼ ئەو دەنگە نزم ئەکرێتەوە بە ڕواناى ¾ ئەو دەنگە لێ ئەدرێ

فرنسیس داود "١٩٧٠" ئەزمی

Allegro-Moderato




-١١١-




# نيگا

خالد أحمد «١٩٦٩»




FIN


Allegro
Allegro
PIZZ
Andante
Allegro
Allegro
Rit
Tempo
p

# دلير ئيبراهيم



# سەرنج

پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بکەیت تکایە ئەم هەڵانە ڕاست کەرەوە٠

● لاپەڕە ١٢ دێڕی ـ ٩ ـ (دوو لەسەر چوار، یان شەش لەسەر هەشت) ٠

● لاپەڕە ٣٢ ڕاهێنان لەسەرکێشی سێ لەسەرچوار ٠

● لاپەڕە ٣٩ مۆسیقای شیرین ٠

١ ـ باڕی دەیەمی نیشانەی دووپاتکردنەوەی یەك باڕە ٠

٢ ـ باڕی ٢٣ نۆتەی یەکەم (لا) نوارەو دوو نۆتەکەی تر (سۆڵو می) کرۆشن ٠

● لاپەڕە (٥٣) کاروانی شەهیدان لە کلیلەی(ڕێ)ی گەورەیە یانی پێویستە لەپێش ڕابەری کێشەکە نیشانەی (دۆ دێزیش)دابنێین بەمانای هەرچی (فا)و(دۆ) هەیە لە مۆسیقاکەدا (دێزە) (نیو تۆن) لەدەنگە سروشتەکەی خۆی بەرزترە ٠

● لە لاپەڕە (٦٤) باسی ستاکاتوی بەیەکەوە بەسراومان کردوە لێرەدا پێویستە هەندێ شت ڕوون بکەینەوە کە لە کاتی خۆیدا نەمتوانیوە باسی بکەم ستاکاتۆ نیشانەکەی خاڵێکە ئەخرێتە سەر یان ژێر نۆتەی مۆسیقا ئەگەربەبێ نیشانەی بەیەکەوە بەستنەوە بوو ئەوا نیوەی کاتی دەنگەکە کەمئەکاتەوە بەڵام ئەگەرهاتوو نوتەکان بە نیشانەی بەیەکەوە بەستن بەسران بەیەکەوە ئەوا ¼ دەنگەکە کەمئەکاتەوە ٠

بەڵام سێی کاتوشمان هەیە کە نیشانەکەیسێگۆشەیەکی بچکۆلەی پڕکراوەیە ئەخرێتە سەر یان ژێر نۆتەی مۆسیقاو ¾ ی کاتیمۆسیقاکە کەم ئەکاتەوە ٠

● لاپەڕە (٦٦) دێڕی ـ٨ـ (ئەوا دوو لەسەرسێی ئەو دەنگە سەرەکیەی بۆ وەرئەگیرێ ٠

● لاپەڕە (٨٨) دێڕی ـ٤ـ باڕی دووهەم سێنۆتەی یەکەمی ،(لا ، سی)دبل کرۆشنو نۆتەی سێیەم (دۆ) کرۆشە ٠

● لاپەڕە(١١٠) دێڕی ـ٧ـ باڕی پێنج یەکەمجار لێئەدرێ بەڵام لە دووپات کردنەوەی ڕستە مۆسیقاکەدا باڕی پێنجەم لێنادرێ لەباتی ئەو باڕی شەشەم لێئەدرێ ٠

● لاپەڕە (١١٠)دێڕی ـ٨ـ باڕی شەش لەیەکەم جاردا لێئەدرێ بەڵام لەدووپات کردنەوەدا لێنادرێ ، بەڵکو لەباتی ئەوباڕی حەوتەم لێئەدرێ ٠

● لاپەڕە (١١٠) دێڕی ـ١٠ـ باڕی سێ دوونۆتەی کۆتایی کە (فا ، می)یە کرۆشن ٠

● لاپەڕە (١١٢) دێڕی ـ٤ـ باڕی کۆتاییشەش نۆتەی تیایە نۆتەی کۆتایی (ڕێ)یە بە کاتی کرۆش ٠

سوپاس ...بۆ

- هونەرمەندان قادر میرخان ... سمکۆ ناکام ... کمال مصطفى
که لە وێنەکێشانو دەستنووسیندا یارمەتیان دام چ بەرگ چ ناوەرۆك .
- هەمو کارگێڕانی چاپخانەی زانکۆ کە بەوپەڕی دلسۆزیەوە لە کارکردندان .

طبعت بمطبعة
مديرية دار الكتب للطباعة والنشر

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانی لە بەغا ١٣٩٩ سالی ١٩٧٨

نرخی ( یەك دینار ) ە

لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی لەچاپ دراوە

# *Violin Learninz*

**BY**

*Salah Raouf*

سەرچاوەکان

## *References*


1- Practical Tutor for the VIOLIN
2- Roland Violin Method
3- Kayser Etudn.
4- Wohlfahrt Violin Studies.
5- The Sevcik For Violin
6- Hans Sitt'OP 32Book'1
7- Mazas Study
8- Methode Pour Violon par Charles Dancla
9- Beriot Violin Method For Beginners

١٠- نظرية الموسيقى (ادلف دانها وزير) ترجمه محمد رشاد بدران

١١- تمهيد الفن الموسيقى ( ماكس بنشار ) ترجمة محمد رشاد بدران

١٢- قواعد الموسيقى الغربية وتلوقها الدكتور محمد محمود سامى حافظ

١٣- تربية السمع وقواعد الموسيقى الغربية سعاد عـلي حسنين

١٤- مبادىء الموسيقى النظرية ( ف ٠ آفا خا روميف ) ترجمة الدكتور رؤوف موسى الكاظمي

١٥- مجموعة من اعداد نشره القيثاره من مطبوعات دائرة الفنون الموسيقية


Sulaimanyah
1978